# مافی ئەوەتان نیە ئاواتی شەهیدان و قوربانیانی گەلەکەمان لەناوبەرن !!!!.

حاجی ئەنوەر
27.04.2005

کاتێک پێشەوای نەمر پەتی سێدارەی هەڵبژارد بۆ ئەوە بوو گەلی کورد لە زیان بپارێزێت و مێژوویەکی پڕ سەروەریمان بۆ تۆمار بکات و بەچرپەی دڵ پیی وتین ئەوا من یەکەم بەردی بناغەی کۆمارم بۆ دانان .
کاتێک خالە شەهاب پەتی سێدارەی بەدەستی خۆی کردە گەردن ، هاواری کرد : هیچ پەشیمان نیم لەوەی کەکردم . ئەوە پێداگرتنی خۆیی دووپات کردەوە لە خەبات و تێکۆشان و داواکاریەکیش بوو لە هاورێیانی کە تەنها رێگا خەباتکردنە لە پێناوی ڕزگاریدا . کاتێک فاتیحی شێخ حیدەر ( خەسرەو ) هۆنراوەی ژیلەمۆی نوسی ( ژیلەمۆ دەتبینم وا کزکز داگیرساوی ) ، لەوکاتەوە چاوی هیوای بریبوە دواڕۆژی کوردستان ، کاتێکیش دواگوللەی نا بەخۆیەوە بۆ ئەوە بوو نەبا بکەوێتە دەستی فاشستەکان و چەند ووشەیەک بدرکێنی و بۆ چەند ڕۆژێک سەربەخۆیی کوردستان دوابخات . ئەوکاتەش عەلی مەجید ( هێمن ) پاش ئەوەی بەبرینداری دەستگیرکرا و فاشستەکان بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرن بۆ چارەسەر بردیانە خەستەخانەی هەڵەبجە ! بەڵام ئەوخۆبەخشە قارەمانە زامدارە ، رازی نەبوو تیماری بکەن و کەوتە ناعلەتبارانی ئەفسەری ئێستخبارات ، هەر بۆیە ئەفسەرەکە ووتبوی ئەگەر پێشمەرگە وابن باکور دەکەن بەئاگر لەژێر پێماندا . پاشانیش لە خەستەخانەی زانکۆی سلیمانی مانی گشتی گرت تا لە14 هەمین ڕۆژی مانگرتنەکەیدا ژیانی خۆی بەخشی بە هەژاران و بەشمەینەتانی کورد .... ئەوانە مشتێکن لە خەروارێکی زۆر گەورەی خەبات و گیان فیدایی تێکۆشەرانی کورد . شۆڕشی گەلی کورد لەهەناوی خۆیدا شۆڕش بووە لەپێناوی سەربەخۆیدا ، ئەگەر لەسەردەمی دووجەمسەری دنیاو جەنگی ساردا کرابێتە قوربانی بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیەکان ، ئەوا ئێستا ئەو سەردەمانە بەسەر چوو ، لەلایەکی ترەوە کێشەی کورد لەچوارچێوەی کوردستان هاتوەتەدەرەوە و ئێستاکە بووەتە گەورەترین کێشە ، لەناو نەتەوە ژێردەستەکاندا و گەورەترین نەتەوەی سەرڕووی زەمینیشە کە بێبەشەلەمافی نەتەوایەتی ، ئەمە سەرباری ئەوەی گەشەیەکی بەرچاو لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و.......
دەبێت ئەوەش وەبیربهێنینەوە کە لە 13 ساڵی ڕابوردوودا باشوری کوردوستان ، وەک وولاتێکی سەربەخۆ مامەڵەی کردوە ، هەر ئەوەندە نەبووە نەتەوەیەکگرتوەکان دانی پێدابنێ . ڕەتکردنەوەی مافی سەربەخۆیی مافی هیچ لایەن و کەسێک نیە ، ئەومافە تەنها جەماوەر خاوەنیەتی ، کاتێکیش کە پەرلەمان دەست بۆ کارێکی لەو چەشنە دەبات دەبێت پەنابەریتەوە بۆ جەماوەر و ڕاپرسی لەسەر بکرێت . دراوسێکانی عێراقیش هەرگیز ئەومافەیان نیە ڕێگا لە مافی چارەنوسی گەلی کورد بگرن ، چونکە شۆڕشی گەلی کورد بابەتیەو زێدەی ئەوچەوسانەوەو بیمافیە بووە کە بەرامبەری کراوە ، شۆڕشی گەلی کورد بەپرس و ڕەزامەندی داگیرکەران نەکراوە تا لە ئێستادا ئەگەر داگیرکەران رازی نەبن ، ئێمەی کورد نەتوانین دەست بۆ مافەکانی خۆمانن ببەین . ئەگەر سەرکردایەتی حیزبەکوردییەکان ئەمە تێروانینی بێت !!!! ئەمە ئەوە دەگەیەنێت : 1- ئەوان بەزۆری زۆرداری و وەک مۆتەکە سواری کۆڵی شۆڕش بوون . 2- لەرێگایی پارەو پوڵی داگیرکەرانەوە بە موئامەرە توانیویانە بگەنە سەرکردایەتی .3- هەڵگیرساننەوەو بەکارهێنانی شۆڕشی کورد بۆ یەکالاکردنەوەی کێشەکانی نێوان داگیرکەران بووە . 4- خستنە ژێرپێی و بەکەم زانینی ئیرادەی گەلی کورد . 5- بەسوک سەیرکردنی نزیکەی 2میلیۆن ئیمزا بۆ ریفراندۆم .6- سوکایەتی کردن بە هەموو ئەو شەهیدانە و سەربەخۆخوازانەی کە چاویی هیوایان بڕیبوەو بڕیوەتە کوردستانێکی سەربەخۆ .